# ناسیۆنالیزمی کوردی لەناو گۆرانیەکانی سمایل سەردەشتیدا

(ئـا وڕێک لە وێک کەوتنی ناسوێنالیزم و هونەر)



هیوا جەڵدیانی
کۆلیجی سەینت پیتێرس
ئادلاید – ئوستراليا
2008 / 08 / 09
hjaldiani@yahoo.com

کوردستان، ئەی کوردستانی جوان          تۆ منت خولْقاند پێشت بەخشیم ژیان
چەند خۆشە کە لە ڕێی نیشتیمان          وەسواڵێ کەوی وەک حێلی بارزان
ئەی کوردستانی جوان

(ئـەم وتـارە لـە ئێوارەی ڕۆژی 2008/8/10 لە کۆڕیادی جوانەمەرگ کاک سمایل سەردەشتی، کە لە لایەن حدک گیرابوو، خوێنرایەوە )

پێمخۆشه له سەرەتادا، پرسه و سەرەخۆشی خۆم و هاوسەرم فەریده خاتوون و کانی کچم به هاوسەری سمایلی جوانەمەرگ، منالّەکانی، دایک و بابی، کاک ئەحمەد و زێڕین خاتوون و منالّەکانیان و هەروەها سەرجەم نەتەوەی کورد ڕابگەیێنم.

کاتێک تەرمی کاک سمایلم، ڕازاوه به ئالاّی کوردستان له سەرماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بینی که بەسەدان کوردی دانیشتووی ئەم ناوچانەی له خۆ کۆ کربۆوه، وەک بەڵگەیەک، بەئارامی سەلماندم که سمایلیش بۆ کوردستان ژیا و بۆ گەلەکەی نەڕاندی و له پێناو نەتەوەکەیدا مرد. لێرەدا،لەم ڕستەی سەرەوەدا، کوردستان وەک نیشتمانێکی داگیرکراو، کورد وەک نەتەوەیەکی ماف خوراو هاتوون که سمایلیش له هونەرەکەی وەک ئامێرێک کەڵک وەردەگرێ که کورد وەک نەتەوه به کوردستان وەک نیشتمانیکی ئازاد شاد بکاتەوه.

هەربۆیه که ئاوڕیک له ژیانی کۆمەلاّیەتی، له ژیانی ئابووری، له ژیانی هوونەری و له ژیانی سیاسی سمایل سەردەشتی دەدەینەوه، ڕاستەوخۆ باسێکی نەتەوەپەرەستی نەک ڕەگەزپەرستی، باسێکی ناسیۆنالیسی نەک شۆڤێنیستی دەسپێدەکەین که چەندەیان کاریگەری له سەر سازکرنی کەسایەتیەک به ناوی سمایل سەردەشتی هەبوه.

ڕەنگه زۆر کەس له سەر ئەم ڕوانگەیه له گەڵ من هاودەنگ بێ که کەڵتوور خشتەی بناخەی پێکهاتەی ناسیۆنالیزمه. ئەگەر ئێمه هونەری گۆرانی کووتن به بەشێک له کەڵتوور دابنێین، بێگوومان گۆرانی و مۆسیقا، کاریگەری ڕاستەوخۆیان له سەر ژیان و له سەر بیر و له سەر هۆشی مرۆڤ هەیه که بتوانێ ناسیۆنالیزم له ناوخۆیدا جێ بکاتەوه. هەر بۆیه کاتێک که گۆرانی و ناسیۆنالیزم یەک دەگرنەوه، دەبن به هێزێکی تاودەر له پێناو دۆزینەوەی سەرچاوەی ئێتنیکی نەتەوەکەو، دەبن به بیرۆکەیەکی سیاسی، دەبن به بیردۆزێکی ڕزگاری بۆ سەربەخۆیی مەڵبەندی ژیانی نەتەوەکه.

هەربۆیە پاش ئەوەی کە قەوارەی سیاسی نەتەوەیەک خۆی دارشت، نەتەوەکە لە یەکەم هەنگاودا بەدوای سروودی نەتەوایەتیدا دەگەڕێ و پەخشان و هۆنراوە و ڕیتمی مۆسیقای بۆ دادەنێ.

وەک نموونە نەتەوەی ئیتالی لە ڕێگای ئۆپێراوە، نەتەوەی ئالْمانی لە ڕێگای مۆسیقای نیزامیەوە، نەتەوەی ئیرلەندی لە ڕێگای مۆسیقای کەلْتووریەوە، وشەی یەکگرتن و یەکبوونیان لە ناو کۆمەلْگای خۆیانەوە ڕەنگینتر دەکرد.

بێگوومان نەتەوەی کوردیش لەم هاوکێشەیە بێبەش نیە. ئەحمەدی خانی وەک باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی مەم و زین دادەڕێژێ، دلْدار لە کۆیە ئەی ڕەقیب دەهۆنێتەوە، شوان پەروەر و ڕەزازی و خالقی و سمایل سەردەشتی و دەیانیتر بە سروود و گۆڕانیەکانیان دماری شۆڕشی ناسیۆنالیزمی کورد پڕخوێنتر دەکەنەوە. لەم پێناوەدا، سمایلی جوانەمەرگ لە چاوپێکەوتنێک لە گەلْ مالْپەڕی دێمانە لە سالی 2005 دا دەلْێ:

"من کاتێک گوێم لە هەلْبەستی گۆرانی هونەرمەندانی تر ڕادەگرت، هەستم بە بۆشاییەک دەکرد. ئەویش ئەوە بوو کە من پێموابوو زۆربەی گۆرانییەکانیان هەر هەلاْگوتنن بەسەر ژناندایە. هونەرمەندمان هەیە دەلْێ ئەوە پەنجا سالْە خزمەت دەکەم بەلاْم دەبینی تاکە گورانییەکی بە بەلاْی کوردستاندا هەلْنەگوتووە. من دەلْێم هونەرمەند دەتوانی هەستی خۆشەویشتی و جوانی نیشتمانەکەی هاوتەریبی جوانییەکانی تری ژیان بکا. ئیمە پێویستیمان بەمە هەیە کە هەستی نەتەوایيەتیمان لە هەموو شتێکدا ڕەنگبداتەوە."

هاوڕێیان، ئەم وشانە، ڕاستەوخۆ ئەم کاریگەریە تیوریەکەن کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد. ناسیۆنالیزمی کوردی ڕاستەوخۆ کاریگەری خسبۆ سەر مێشک وسەر بیر و سەر هۆشی سمایل و جوانی و ڕازاوەیی کوردستان ببوون بە هێزی تاودەر و لەم پێناوەشدا لە هیچ نەدەپرینگایەوە. لە شایی و لە زەماوەنداندا، دانە بە دانە ناوی شەهیدانی ناوچەکەی دەبرد، بەڕێبەرانی شەهیدی هەلْدەکووت، باسی داگیرکەری نیشتیمان و باسی ڕزگاری گەلەکەی دەکرد.

بەشدرانی بەڕێز:

ئەو شتەی کە کۆمەڵانی خەڵکی لە دەنگی سمایل گرێدابوو، هەر پاراوی دەنگ نەبوو. گۆرانیەکانی سمایل ڕاستەوخۆ لە هەستی خەڵک گرێدرابوون، باسی پان ئێرانیزم و ئێراقی یەکگرتووی نەدەکرد، دروشمی لە هەموو ئێرانیەک ئێرانیترمی نەدەدا، نەی دەکووت دایکم توورکە و گووڵیشی لە سەر گڵکۆی خومەینی، قەسابی کوردستان دانەدەنا و هۆڵی پێشەواشی لە هەولێری هۆلاکۆ بەزێن بۆ یاد و بیرەوەری داگیرکەران بەکرێ نەدەدا. بەپێچەوانە، سمایل باسی کوردستانی گەورەی دەکرد، پڕ بە گەرووی دەینەڕاند:

| | |
|---|---|
| لە پێش ئاگرپەرستیدا | لە پێش موسڵمانیەتیدا |
| لە دیلی و لە سەربەستیدا | هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین |
| نە ئەرەبم، ئە ئێرانیم | نە تورکێکی شاخستانیم |
| نەک من هەرخۆم مێژووش ئەڵێ | کە کوردم و کوردستانیم |
| داگیرکەری دڵ پڕ لەقین | دڕندەی بێ ویژدان و دین |
| گەر قەندیل و ئاگرین و شیرین | یەکسان بێ لە گەڵ ڕووی زەمین |
| ناتوانی واکەی کورد نەبین | هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین |

ناسیۆنالیزمی کوردی، نەک هەر لە گۆرانیەکانی هوونەرمەند سمایل سەردەشتی، بەڵکوو لە جل و بەرگی کاک سمایلیشدا ڕەنگی دابۆوە. بۆ خۆی دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئێران هەموو گەڕاوم | وەڵا تاکە بە تاکە |
| هیچ عەجەمێکم نەدیتووە | جلی کوردی لەبەرکا، |
| فەقەت هەر ڕۆڵەی کوردە | تەقلید لە ئەوان دەکا، |
| دابی بێگانە هیچ نییە | هیچ کەس دڵی پێخۆش نەکا |

ئاشکرایە کە ئەم پەیامە بە دلی ڕژێمی داگیرکەری ئێران نەبوە و نیە . ئەم ڕژێمە کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەوڵی توانەوە و ئەسیمیلە کردنی نەتەوەی کوردی لە ناو نەتەوەی فارسدا داوە، لەکوێ ئیزن دەدا کە سمایلی هونەرمەند سیاسەتەکەی لەقاو بدا.

## بەرێزان:

باسێکی زۆر گرینگی‌تر کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناو سمایل سەردەشتیدا دەخاتەڕوو، کوردی وێژی ئەم هوونەرمەندەیە. بەداخەوە نەوەی پێش ئێمە فێری نەکردین کە زمانی فارسی وەک شەکر شیرین نیە، یا ئەرەبی و تورکی پێشکەوتوو نین. بەداخەوە فێریان نەکردین کە هۆنراوەکانی هێمن لە ئی حافز خۆشترن، لە ئی مەولەوی هەسدارترن یا هەژارمان لە سەعدی پێگەیشتووترە.

د. قاسملووی نەمر دەڵێ: ئەگەر نەوەی ڕابردوو ئەرکی خۆی بە باشی بەجێ هێنابا، ڕەنگە نەوەی ئێمە ئەوەندە شەهیدەی نەبوایە. هەر لەم بارەشەوە سمایلی هونەرمەند دەڵێ:

"من هەوڵدەدەم باس لە ئازارەکانی کۆمەڵگە بکەم، جا لە هەر بارێەکەوە بێ. هەر شتێک پێی تێکچووبم و خەفەتم لێ خواردبێ تا ئەو جێگایەی توانیبێم هەوڵمداوە بە گۆرانی دەریببڕم. بۆ نموونە کاتێک سواری تاکسی دەبووم دەدیت کابرای شۆفیڕ گۆرانی ئینگلیسی یان تورکی گوێ لێدەگرێ، بێ ئەوەی لێی تێبگا.

نەوارێک لیێ حاڵی نەبی          بۆ کورد عەیبە هەڵیکا
لەجیات نەواری تورکی          حەسن زیرەکێک هەڵکە
یان دەنگی خۆشی ماملێ          بە جوانی گوێی بۆ شل کە
چەند پیاوی مەزن مردوون          بۆ ئەم هۆز و گەل و خاکە

لێرەدا سمایل بە گژ ئەم تاقمە کوردەدا دێتەوە و پێیان دەڵێ کە فارسی ئاخاوتن نابێ ببێ بە کلاس، تورکی ئاخاوتن سمبوولی پێشکەوتن نیە، بە ئەرەبی دوان نیشانەی شارەزایی ئێوە نیە. بەپێچەوانە شێعری هەژاریان بۆ دێنێتەوە:

بە کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم          بە کوردی دەدەم وڵامی قەبرم
لەو دنیاش دیسان زیندوو دەبمەوە          سەرلەنوێ بۆ کورد تێ‌هەڵدەچمەوە

**هاوڕێیان:**

هەر لە ناوەندی سەدەی نۆزدەوە، گۆرانیە فۆلکلۆر و ڕەسەنەکان وەک بیردۆزێکی سیاسی لە پێناو خۆڕاگری نەتەوەی ژێردەست لە بەرامبەر هێرشی کەلتووری و هێرشی ئەدەبی و هێرشی هونەری و هێرشی سیاسی نەتەوەی سەردەست بەکار هاتوون و زۆر جاریش لە قۆناخی تایبەتدا نوێنەرایەتی نەتەوەیەکیشیان کردوە. لەو نێوەدا بەهەڵکەوت کەسایەتی سەربەخۆی بەهێز سەرهەڵدەدەن و بەکەڵک وەرگرتن لە سرووشتی ناوچەکە، بە هەڵا کووتن بە دار و بەندەنو کێوو شاخو دێهاتو شاری ناوچەکە، نەتەوەی ژێردەست بەرەو یەکیەتیو یەکگرتوویی نەتەوەیی دیسان هان دەدەنەوە. جا بۆیە هوونەری گۆرانی ڕەسەن کاتێک تێکەڵاو بە چالاکی سیاسی دەبێ، ڕاستەوخۆ لە ناسیۆنالیسم گرێ دەدرێ.

سەبکی گۆرانیەکانی سمایل سەردەشتی، بە شێوازێکی زانستی، دەکەونە ناوماڵی دەورانێک لە هونەردا کە پێی دەوترێ سەردەمی ڕۆمانتیک. ئەم سەرەمە لە کۆتایی سەدەی 18 و وەک شۆڕشێک دژ بە داگیرکەری مووزیکی ئاڵمانی بە سەر مووزیکی نەتەوەکانیتری ئوورووپا لە دایک بوو و تا ناوەندەکانی سەدەی بیستەم وەک جموجۆڵێک بۆ ڕزگاری نەتەوەکانی ژێردەست کەڵکی لێوەرگیراوە.

سمایل دەڵێ:

ئەرێ وەی، بەهاری یا پاییزی، سوورە گوولێکی تەمێزی

ماچی سەر لێوی ئاڵت دێنێ سەد گەڵا دەرزی — بۆ ئارەقی نێوچاوت دەبمە دەسماڵ کاخەزی

لە بانەرا وەڕێ بوو هات گەیشتە سەقزی — دەڵی دەڕۆم بۆ سنەی شاری ناسری ڕەزازی

هەروەک دیارە، سمایل بە شمیراناتی تارانێ، بە قەیسەری ئیستانبووڵێ یا بە قەسرەکانی بەخدا و دمیشقێ هەڵناڵێ. بەڵکوو بانە و سەردەشت و سەقز و سنەی بە زێد و نیشتمانی خۆی دەزانێ. جیا لە وەش شاری سنە وەک مەڵبەندی پێگەیاندنی ناسری ڕەزازی باوکی سروودی ناسینالیزمی کوردی، بە سمبولێکی شۆڕش دەزانێ و بێترس نەتەوەکەی بەرەو ئەو ڕێبازە هان دەدا کە داگیرکەر هەوڵی نەمانی دەدا.

بەشدارانی بەڕێز:

سمایل سەردەشتی بە کردەوە نیشانی دا کە هوونەری گۆرانی ڕەسەنی کوردی، دەکرێ لە پێناو یەکگرتنی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزمی لێبکەوێتەوە، هەروەک چۆن شێوازی ئۆپێڕا ئیتالیای یەکگرتوو کرد یا چۆن ڕیتمی مۆسیقای ئاڵمانی کاتۆلیک و پرۆتستانی لێکگرێدا یا چۆن لێنین لە مۆسیقا بۆ داسەپاندنی بیردۆزی سۆشیالیزم کەڵکی وەرگرت.

سمایل بە هوونەری گۆرانی ڕەسەنی کوردی نەک هەر بە زیندوویی ئێرانیەکانی لە ترس و هەمهەمەی شوڕشی جەماوەری هاویشتبوو، بەڵکوو بە مردوویش نەتەوەی باندەستی فارسی وەترس خستبوو. ڕژێمی داگیرکەری ئێران تەنانەت ئیزنی گواستنەوەی جەنازەی سمایلیان بە دایک و بابی نەبەخشی کە بیبەنەوە ناو ئەو دار و دەوەنەی کە سمایلیان پێگەیانبوو.

چوونکی پێیان وابوو کە سمایل سەد ئەوەندەی کە بە زیندوویی توانیبووی خەڵک لە خۆی کۆ کاتەوە، دەتوانێ بە مردوویش بیکا و ببێت بە سمبوولی خۆپێشاندان و شەپۆلی دەریای بێبنی جەماوەر جارێکیتر وەگەڕ خاتەوە.

سڵاو لە سمایل و لە ڕێبازی سمایل و لەو پەیامەی کە سمایل لە تەمەنێکی ئاوا کورتدا بۆ نەتەوەکەی جێ هێشت. سمایل فێری کردین:

ئەرەب، تورک و فارس لە سەر خاکی تۆ      سێ دڕکن لە سەر سینەکەی چاکی تۆ

بڕیارمان وایە، یان ئازاد ژیان، یا ئازا مردن      بەسەرچوو ئەودەم لەڕووی بێگانان سەرنەوی کردن

**زۆر سپاس**

## سەرچاوەکان:


Longyear, Rey M. Nineteenth-Century Romanticism in Music.
Poultney, David. Studying Music History.
Ulrich, Homer. Music - A Design for Listening, 3rd ed.

بۆ کوردستان: هەژار موکریانی

شێعری برایم ئەحمەد

پاڵپەرەکانی: دێمانە، کوردستان و کورد، گیارەنگ، بۆ ڕۆژهەڵات، ڕێنێسانس